وەرگێڕی ڕۆمانی عەتر:

# وەرگێڕان هونەرەو پێویستە وەرگێڕیش هونەرمەند بێت



ئەرخەوان

لەماوەی ڕابـردوودا شاکارێکی ( پاتریک زوسکیند) بەناوی ڕۆمانی ( عەتر) لەلایەن خانەی وەرگێڕانەوە چاپو بڵاوکرایەوە، ئەم ڕۆمانە (ئەرخەوان) وەریگێڕاوەو توانیویەتی تا ئەندازەیەکی باش ڕۆحی دەقەکەو ڕووداوو بەسەرهاتو وێنەکان بگوێزێتەوە سەر زمانی کوردی، ڕەنگە یەکێک لەو لایەنانەی کە بۆتە هۆی سەرکەوتنی وەرگێڕانی (عەتر) ئەوە بێت کە خودی وەرگێڕ جگە لەشارەزایی لەزمانی عەرەبیدا خۆشی ئەزمونێکی دوورو درێژی لەگەڵ شیعر نووسینو کاری ئەدەبیدا هەیە، دیارە ئەمە یەکەم ئەزمونی ئەرخەوان نییە لەبواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا، بەڵکو پێشتریش کۆمەڵێک ڕۆمانو چیرۆکو دەقی شانۆییو شیعریشی وەرگێڕاوەتە سەر کوردیو هاوکات کۆمەڵێک تێکستیشی لەکوردییەوە کردووە بەعەرەبی.

گرنگترین ئەو کارانەی ناوبراو لە بواری وەرگێڕاندا ئەنجامی داون بریتین لە ( چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا.. گابریل گارسیا مارکیزو دیوانێکی شیعری قوبادی جەلیزادەو چەند تێکستێکی شانۆگەریو وەرگێڕانی کۆمەڵێک شیعری شاعیرانی عەرەبی)

بۆ ئاگاداربوونی خوێنەرانی ئایندە لەسەر چۆنیەتی پرۆسەی وەرگێڕانی ڕۆمانی ( عەتر) ئەم دیدارە کورتەمان لەگەڵ ئەرخەوان وەرگێڕی ڕۆمانەکە سازکرد.

**نایندە:** لەنێو کۆمەڵێک شاکاری جیهانیدا بۆچی ڕۆمانی (عەتر)ت هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان، بەگشتی گرنگیو بەهای ئەدەبی ئەم ڕۆمانە بۆ خوێنەری کورد چییە؟

**نەرخەوان:** عەتر ڕۆمانێکی زۆر جیاوازە، ( پاتریک زوسکیند) نووسەری ڕۆمانەکە دەمانبات بۆ دنیایەکی تەواو سەیرو جیاواز، ئەویش دنیای بۆنو بەرامەو عەترە، بەخەیاڵێکی فراوان دنیایەکی پڕ فەنتازی بۆنی دروستکردووە کە ناکرێت پێی سەرسام نەبین، بەتایبەت کە ئەو دنیایەی لەڕێگەی کەسێکەوە خوڵقاندووە، کە لەڕووی جەستەییەوە زۆر نابووتو کەساسەو هەروەها لەکۆمەڵدا بەگێلو داماو ناسراوە، بەڵام بلیمەتییەکی لەڕادەبەدەرو بێباکییەکی لەڕادەبەدەر بەرامبەر بەچەمکی ڕەوشتو بەها مرۆڤایەتییەکانو بەرامبەر بە ئاینو خودا، کارەکانی بەبێدەنگی ئەنجام دەداتو سوورە لەسەر ئەو ئامانجەی دەستنیشانیکردووەو ئەنجامیشی ئەدات، ئەوکەسە ( گرنوی)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، لەدایکبوونی نائاساییو جیاوازەو ژیانیشی بەهەمانشێوە نائاساییو جیاوازە، تەنانەت مردنەکەشی لەمردنی هیچ کەسێک ناچێت، ئەم جیاوازیانە لەپاڵەوانو ڕووداوو دنیای ئەو ڕۆمانەدا هۆی ئەوە بوو کە بڕیاری وەرگێڕانی بدەم بۆ سەر زمانی کوردی، سەرباری قورسیو ئەزیەتەکانی.

**نایندە:** پرۆسەی وەرگێڕانەکە چۆن دەستپێکرد، ئەو ئەرکو زەحمەتانە چیبوون کە هاتنە بەردەمت؟

**نەرخەوان:** پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بڕیارمدا وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی کتێبخانەی کوردیو خوێنەر بەم کارە جوانو ناوازەو جیاوازە ئاشنا بن.

بەڵام کە دەستمکرد بە وەرگێڕان دوو شت زۆر کێشە بوون لەبەردەممدا، یەکەم دوو وەرگێڕانی عەرەبیم لەبەردەستدا بوو، کە زۆر جیاوازییان هەبوو لەڕووی وەرگێڕانەوەو هەندێک هەڵە لەشوێنو کاتو ناو شتی تردا هەبوون کە ساغکردنەوەیان قورس بوو، چونکە ڕۆمانەکەم بەزمانی ئەسڵی خۆی لانەبوو، هەمیشە وەرگێڕان لەزمانی دووەمەوە مایەی گومانە، چونکە نازانرێت تاچەند دەقە ئەسڵییەکەی پارێزراوەو وەرگێڕانەکە دروستە، دووەم کێشە، کێشەی ناوی گوڵو گیاو ئەو مادەو ئامێرانە بوو کە لەعەترگەریدا بەکار دەهێنرێن، بۆ ئەمەش پەنام دەبردە بەر زۆر لەو قاموسە کوردیو عەرەبیو ئینگلیزیو فارسیانەی لەبەردەستا بوون، ئەمەش بووە هۆی دواخستنی کارەکەم، بەگشتی ڕۆمانەکە قورسە بۆ وەرگێڕان، زۆر کەسیش پێیانوابوو کە ناتوانم وەریگێڕم، دوا جار وەک تەحەدایەک کارەکەم تەواو کرد.

**نایندە:** ئایا مەرجی وەرگێڕانی هەر تێکستێکی ئەدەبی ئەوەیە کە شارەزای زمان بێت، یاخود پێویستە جگە لەزمانزانی کەسی وەرگێڕ شارەزایی لەدنیای دەقەکە هەبێتو خاوەنی مەعریفەو روئیای جیاواز بێت؟

**نەرخەوان:** بێگومان زانینی زمان مەرجی سەرەکی وەرگێڕانە، بەڵام لەهەمان کاتدا مەرج نییە هەموو زمان زانێک وەرگێڕێکی سەرکەوتوو بێت، چونکە وەرگێڕان هونەرە، ئەبێت وەرگێڕیش هونەرمەند بێتو ئیلهامی هونەرییو سەلیقەی هونەرییو شارەزاییەکی باشی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆحی

نووسینەکە بگوێزێتەوە، وەرگێڕان تەنها وشەو زاراوە مردووەکانی ناو قاموسەکان نییە، دەبێت هەستو نەستو شێوازی نووسەرەکە بەئەمانەتەوە بگوێزێتەوە، هەروەها لەگەڵ نووسەرەکەدا نزیکییەکی هەبێتو ڕۆحی ئاوێتەی ڕۆحی بێتو لەمەبەستو مانا شاراوەکانی ناو دێڕەکان تێبگات، ئەمەش بەوە دێتە دی کە چەندینجار دەقەکە بخوێنیتەوەو بەچاوێکی ڕەخنە گرانەوە لێی تێبگەیت، هەروەک زۆر پێویستە شارەزا بیت لە بواری وەرگێڕانەکەداو پاشخانێکی مەعریفی باشت هەبێت لەو بوارەدا، من بەشبەحاڵی خۆم سێ چوار جار دەقەکەم خوێندۆتەوە، پێنج جاریش تەماشای فیلمەکەم کردووە، تا ڕۆمانەکە بەتەواوی و بەڕوونی لەزەینو بیرمدا بەرجەستە بوو ئینجا دەستمکرد بە وەرگێڕان.

**ئایندە:** لەڕێگەی زمانێکی پوختەوە توانیوتە ڕۆحی ڕۆمانی عەتر بگەیەنیت بە خوێنەری کوردی، بەگشتی ئەو تایبەتمەندیانە چین کە پێویستە لای وەرگێڕێکی سەرکەوتوو هەبێت؟

**نەرخەوان:** وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەبێت هەردوو زمانەکە بەباشی بزانێت، لەڕووی زمانو ئیدیۆمو قسەی نەستەقو پەندو زۆر وردەکاری زمانەوانی ترەوە، هەروەها ئەبێت شارەزایی هەبێت لەجۆرەکانی وەرگێڕانداو بەپێی پێویستی وەرگێڕانەکە بەکاری بهێنێتو بزانێ دەربڕینەکان لەزمانی کوردیدا چۆن بەکار دەهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی کە بەپێی توانا شێوازی نووسەرەکە نەگۆڕێ ، هەوڵبدات بەباشی لەدەقەکە تێبگاتو ڕۆحی نووسینەکە بەباشی بگوێزێتەوە، وەک وتمان وەرگێڕان هونەرە، ئەبێ سەلیقەی هونەرییو شارەزایی وەرگێڕ ڕۆڵی خۆی هەبێت لەوەرگێڕانەکەدا، پێویستە وەرگێڕ دەقەکە یان نووسەرەکەی خۆشبوێتو نزیکییەک لەنێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە چێژی دەقە ئەسڵییەکە ون نەکات، ئەمە جگە لەوەی کە وەرگێڕ ئەبێت ڕۆشنبیرییەکی باشو شارەزاییەکی باشی هەبێت لەبواری وەرگێڕانەکەدا.

**ئایندە:** تۆ خۆت زیاتر وەک شاعیر ناسراویتو ئامادەیەکی باشیشت هەیە، ئەی چ شتێک ئەم خەمی وەرگێڕانەی خستە سەر شانت؟

**نەرخەوان:** هەر کەس زمانێک بەباشی بزانێتو بتوانێ و توانای وەرگێڕانی هەبێ، بەلای منەوە حەیفە سوود لەو توانایە وەرنەگرێت، وەک کەسێک وایە کە دەنگی خۆش بێتو گۆرانی نەڵێت، هەرچەندە من وەرگێڕانم نەکردووە بە پیشە، بەڵام هەندێک جار کە بەدەقێک سەرسام دەبم حەز دەکەم وەریگێڕم بۆ کوردی، چونکە بەڕاستی کورد زۆر پێویستی بەوەرگێڕانە، کتێبخانەی کوردی هەژارە، ئەگەر هەرکەس بەتوانایە لەلایەنی خۆیەوە کارێک بکات ئەگەر کەمیش بێت هەر باشەو جێگەی خۆی دەگرێت.

ئایندە